www.kurdistannet.org
28-4-2006 12:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هونەرمەندانی زەمانەو گەندەڵیەکان.. !! ... حەسەن سەید باقی

لەسەرتاسەری گێتیدا، هونەرمەندان ڕۆڵی خۆیان هەیە و جێگەی ڕێزی نەتەوەو گەلەکانیانن. لەناو گەلی کوردیشدا هونەرمەند و نووسەرانمان زۆرەو تا ڕادەیەك ڕێزیان لێگیراوە. وە گەلێکن ئەو هونەرمەندانەی کە ڕۆڵی خزمەتگوزاریان هەبووە بۆ خزمەتکردنی کەلەپوری کوردو بەرز ڕاگرتنی ئاستی ڕۆشنبیری لە بواری گۆرانی و شانۆ.. تاد. وە کەڵە گۆرانیبێژەکانمان زۆرن چ لەبواری مەقاماتدا بێت، یان گۆرانی خۆشەویستی و ئاهەنگگێڕاندا، یان ووتنی سرودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی لە کاتەکانی پێویستدا. بۆ نموونە عەلی مەردان و سەیدعەلی و مەزهەری خالقی و کاکە حەمەی ماملی و عەدنان و نجمەو ناسرو ئایشە شان و.. زۆر زۆری تر کە ڕۆڵی دروست و بابەتیانەیان هەبووە لەو بوارەدا.
بەڵام لەم ڕۆژانەدا بەڕێز کاك (عومەر فارس) پارچە نووسینێکی بڵاوکردەوە، کە ئازاری دەروونی و ڕق ئەستوور بوونی پێوە دیارە دژی گەندەڵی و ئەو بارە ناهەموارەی کە دەگوزەرێت لە کوردستاندا. من لێرەوە بەدەر لەوەی لەگەڵ نووسینەکەم یان نا، دەستخۆشی لەکاکە عومەر دەکەم بۆ ئەو سەلیقە و هەستە ناسکەی کە هەیەتی بەو شێوازە کە خۆشی تف باران دەکات پێچەوانەی گەلی هاوڕێی تر. بەو شێوازە پەردە لەسەر گەندەڵیەکان و باندەکانی مافیا لادەدات. بەڵام هەندێك گێلە نووسەر کە نووکی خامەکانیان وەك چەقۆی کول وایەو دەیوەشێنن، بەداخەوە ناوی قەڵادزێی خۆڕاگرو شۆڕشگێڕیش بە پاشگری ناوەکەیان دەلکێنن، پێم وایە ئەوە غەدرە لە قەڵادزە و قەڵادزەییەکان کراوە! بەڵی زاتێك ئاوەها هاتووە، ئاستی زەکەریا دەگەیەنێتە ئاست مارشی نەتەوەیی و ئاڵاکەی، وە دەبێژێت (ناوی کاك زەکەریا لە ـ ئەی ڕەقیب ـ و ئاڵای کوردستانیش گەورەترە، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانیش ئەو ڕاستیە دەزانن) بەڕاستی وایە!! ئافەرم بۆ سەلیقە و تێڕوانینەکانت، دیارە ئاڵا و سرودەکە نەناسراوە!!.
هەروەك ئەوەی کە دژایەتی دەکرێت و نەناسراوە لای تۆرانیەکان و شۆڤێنستەکانی عەرەب. کە جەنابیان بەوشێوازە هەرزانە دێت بەرگری لەبیری شۆڤێنستی دەکات. منیش دەڵێم شارەزایم نییە لە ئاواز داناندا. بەڵام وەك هەر مرۆڤێکی خاوەند ویژدان هەستم هەیە، کە ئەو زەکەریایەی ئەو باسی لێوە دەکات ئاوازەکانی تورکانەیەو لە خزمەت تۆرانیەکاندایە. کە بۆخۆی دەیانەوێت سرودە شۆڕشگێڕی ونەتەوەییەکان لە یادەوەری تازە پێگەیشتواندا بسڕنەوە. جا بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کاتێك ئەو بەناو گۆرانە کە ناوی گۆرانی شاعیری گەورەی کوردیشی پیسکردووە ئەوا بێتە ئاخاوتن و بنووسێت. بەڵام سەرسوڕمان لەوەدایە کە بەناوی ڕۆژنامەگەری ئازادەوە مرۆڤێك ئاوا ئازاری خەڵکی نەتەوەیی بدات و لە کوردستانێتدا بۆی بڵاو بکرێتەوە!.
بەهەرحاڵ ئەو خەڵکە ئازادن، چی دەنووسن چی دەڵێن. بەڵام ئازادی بەو مانایە نا کە هەستی خەڵکی تر بریندار بکەن. من نە دادەبەزمە سەر زەکەریاو نە دەچێتە خانەی ڕەخنە لێگرتنم، بەڵکە ڕەخنەم لەو دەسەڵاتەیە کە بەو شێوازە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. یا برادەرێك بەناوی کاك (هۆگر محەمەد) ەوە دێت و پاساو بۆ زەکەریا دێنێتەوەو بە ناڕاستەوخۆش بەرگری لەو دەسەڵاتە دەکات کە ئەو زەوییانەیان بەخشیوەتە ئەو گۆرانیبێژە بلیمەتە!. من لاریم لەوە نییە کە هاوکاری هونەرمەندان بکرێت. بەڵام ئێمە زۆر هونەرمەندی لەو بە تواناترو دەنگ خۆشترمان هەیەی کەچی کەلاوەیەکیان پێ ڕەوانابینرێت، نییانە تێیدا بحەوێنەوە، وە هیچ کەسیش بە پێی پێویست لایان لێناکاتەوە. باشە کاکە هۆگر لەگەڵتام، کاتێك ڕێگە دەدرێت بە هەرکەس پرۆژەکانی لەکوردستاندا بکاتەوە، ئەوەی هەیەتی لەسەرمایە بیخاتەگەڕ، بۆ خزمەتکردنی خەڵك و نەداران و ئەنفالەکان، ئایا ئەو بینا بەرزانەی زەکەریا چەند سوودمەندە بە هەژاران؟ دیسان ئەگەر یەکێك سەرمایەیەکی هەبوو لەکوردستان بەگەڕی بخات دیسان جوانە، حکومەتیش کارئاسانی بۆ بکات دیسانەوە هەرجوانە! هەروەك بەڕێزتان

دەڵێن. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو سەرمایەی لە کوێوە هێناوە؟!، ئەوکەسەی تۆ بەرگری لێدەکەی (زەکەریا بۆ لە تورکیا دانیشتووە؟!، ئەگەر بە پێشینەی ئەم زاتەدا بگەڕێینەوە هەندێك زانیاریمان لا گەڵاڵە دەبێت.. ئەوانەی کە ئەو ساختمانانە دەخەنە خزمەت کەسانی واو منداڵی شەهیدان و ئەنفالەکان بێدەرەتان بن، هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان گوللەباران بکرێن!! قەڵادزە تا ئێستا بەدەست کەموکوڕی و گوێ پێنەدانی پێویستەوە بناڵێنن.. تاد.

ئێمە وا ڕاهاتووین حیزبەکەمان هەرچییەك بێت!!، چی بکات!، نقەی بۆ نەکەین، لەبەر ئەوەی جەماعەتی ئەشهدوین. بەڕێز کاك عومەر کاتێك ئەو پارچە نووسینەی بڵاوکردۆتەوە، مانایەکی یەکجار زۆر دەبەخشێت. ئەوە خواستی زۆرێك لە چین و توێژەکانی کۆمەڵە. هەر ئەو گەندڵیەی کە لەکوردستان پیادە دەکرێت کە پڕە لە زەکەریاو زەکەریاکانی تر، ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەیەکە بۆ بۆ هەستان و ڕاپەڕینێکی نوێ بەرووی دەسەڵاتداران و گەندەڵیدا.

سوید ئەپریل 2006